

# ژنکوژی لە سەدەی میدیادا

بەنگین پیرۆت _ چوارقورنە

## چەند پەیڤێك لە ساڵیادی مەرگی (دوعا)ی جوانەمەرگدا

> “مرۆڤ کاتێك دەمرێ کە بتوانێ بمرێ، نەك ئەوکاتەی کە دەبێ بمرێ”
> نیکۆس کازانتزاکیس

ژیان بۆچی دووبارەیە، دووبارەبونەوەی ژیان چیە، ئایا هێشتا ماویەتی مرۆڤەکان لە ئاوێنەی فەلسەفەوە لە ژیان بروانن. جیاوازی رەنگو دەنگەکان لەپێناو چیە؟ هاتنو رۆیشتنی هەریەك لە مرۆڤەکانو تەلیسمی کابوسی دۆگما کولتوریەکان تاکەی تور فرێنادرێن؟ باپیرم رۆیشت باوکم هات، دوابەدوای باوکم من هاتم، منیش دەرۆم یەکێکی تردێت، ئەویش دەروات ئەویتر دێت، کەچی کولتوری مرۆڤ کوژی هەر هەیە، وەکو ئەوەی تاکەسێك بمێنێت میراتی توندوتیژی نەوە دوای نەوە هەردەمێنێت، ئایا تاکەی؟ ئایا ئێمە مرۆڤ نین؟ ئایا ژیان لە شێوەی ناوەکان خۆی دوبارە دەکاتەوە، وەکو(سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ)و(خۆزە ئارکادیۆ)ی رۆمانی سەدساڵ تەنیایی (گابریێل گارسیا مارکز)هەموویان کەچەند کورەگەلێك بوون ئەو دوو ناوەیان هەبوو، چارەنوسی مردنێکی ئاخنراو لە نهێنی، ژیانی زۆربەیانی بەکوشتن قوتدا، یەکێکیان بەپیری وون بوو لەحەوشە دوو پاسەوانە راسپێردراوەکە دوای(٢٠)ساڵ لەگوندەکەی (ماکۆندۆ) کوشتیان، ئەی ژن جیاوازی مردنی تۆو ئەوان نێرومێ نیە، ئەوان بەفیشەك تۆ بە بلوك باران نیە، ئەوان لە سەدە تاریکەکانی مێژوو تۆ لە سەدەی ٢١ نیە، ئەوان لە گوندێکی ریالیزمی سیحری وەکو گوندی (ماکۆندۆ)تۆ لەنێو واقیعی کوردستان نیە، ئەوان لە حەوشە دوور لە چاوەکان کە خاوەن سێبەری براکان بوون، تۆ بە بەرچاوی سەدان رێکخراوی ژنانو ئافرەتانو خوشکان هەزاران چاوی بێ هەستی دەستەڵاتی چوارەمو میدیای ئازاد نیە، جیاوازیەکە ئەوەیە تۆ دەبیە قوربانی عیشق، تۆ هەستت هەیە، لا ی ئەوان نیە، تۆ سێبەرت هەیە بۆخۆشەویستی، لا ی ئەوان نیە، تۆدڵت هەیە بۆ ژیان لای ئەوان نیە، ئەی ژن (ئائۆرلیانۆ)مارومێرو لە ناوپێخەفەکەی لەسەرخۆشەویستی جەستەیان خو اردو(خۆزەئارکادیۆ)یش(پلارتێرتێرە)ی خۆشدەویست، وەك چۆن تۆ ژیانت خۆشدەوێت. ئەی ژن بیری تۆ و ژنکوژان جیاوازە، ئەوان بیری خێڵەکی، تۆ عاشق بە ئازادی، ئەوان مەرگدۆست، تۆ ژیاندۆستی، مرۆڤ کوژ ئایا خۆی مرۆڤە، یان مۆراڵی درندەکانی جەنگڵستانە؟ پێموایە مرۆڤ کوژی بەدرندانەترین شێوە لە شێوازی کوشتنی (دوعا)و دوعاکانی تر(بەنمونە) کولتوری نێوکۆمەڵگای کوردی نیە، لەدەرەوەی کۆمەڵگای کوردی هێنراوە، لە عەقلی تاکە شەرەنگێزەکانیەوە تەشەنەی سەندوە بۆ ناشیرینکردنی روخساری کۆمەڵگەکەمان بە دنیای دەرەوە بە دەستی نەوەکانی، لە نێوان باوەری ئاینی وعەقلیەتی خێڵەکی، کامیان کارپێکەرو بکەری دەرهاویشتە توندوتیژیەکانی نێرسالاریە بۆ کوشتنی ژنان بە ناوی شەرەف پارێزی؟ بۆ ژنە بەشەرفەکانی ئەم وڵاتە ئایا پێویست بەم نەریت پارێزە بۆگەنە هێنراوە دەکات؟ بێگومان نەخێر، ئەی دەسەڵاتی رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەوری چیە کە مێینە لە سایەیدا نەپارێزرێتو بەئەرکی کێی دەزانن بکوژانی ژن سزایی تاوانەکەیان بنۆشن؟ لە کاتێکدا بە مردنیش سوکایەتی بەلاشەو جەستەی شێواوی ژنان لێرەو لەوێ دەکرێت، پاراستنی مافەکانی گەنج ئایا تەنها ئەوانەن کە نێرن، ئایا رێکخراوەکانی لاوانو خوێندکاران سەنتەرو کۆمەڵەو ناوەندە رۆشنبیریەکانی ژنان، ئەرکیان چیە؟ کەنەتوانن مافی مێینە بپارێزن، دیارە(ئایا)کان زۆرو(وەڵام)ە کان کەمن، یان هەرنین کەس نازانێت لە کوێنو لای کێن، بۆیە دواجار (دەستەڵات)دەبێتەوە بە بەرپرسیاری یەکەم، بۆیە هەموومان رووی پرسیاری دەممان دەکەینە دەستەڵات و لێی دەپرسین ئەی دەستەڵات بەر لە دروستبوونو گەورەبوونی کێشەکان ئایا تۆ لە کوێیت؟ بەپێی باسە مێژوویەکان، سەردەمێك مرۆڤەکان دەچەوسانەوەو ئەتکدەکران، لە ناو تابوتی وەحشگەراکان دەتوانەوەو لە ناودەبران کە پێی دەوترا سەردەمی بەربەریەت، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێستا کە بەحیساب عەقلانیەتو فرە



بیروباوەرە، فرە ئازادی، فرە ئاینو تەکنەلۆژیا باڵادەستە، بە پێچەوانەی فەلسەفەی هەموو بیریارەکان کە پێیانوایە کوشتارو مرۆڤ کوژیو مێژووی کارەساتە جەرگبڕەکانو خوێنڕشتنی بەناهەق وکوشتوبڕی بیروباوەڕی ئایدیای تاکەکانو سەربڕینی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ دووبارە نابێتەوە، کەچی زۆر درندانەتر، وەحشگەراکانی سەدە ملیان ناوە لە خوێن ڕشتن، ڕووی هەموو سەدە خوێناویەکانی پێشوویان بە ژنکوژی سپی کردۆتەوە، ناسکترین بونەوەر کە مرۆڤی مێینەیە بلۆك بارانو گوللەباران دەکەن، وەك ئەوەی خۆیان دایكو خوشك خۆشەویستیان نەبێت، دیارە ئەوەی زیاترچاوی کۆمەڵگا لە چاوی نەریتە سواوەکانەوە ژن بخوێنێتەوە، تاوانبارکردنیەتی هێشتا لەوە نەگەیشتوین کە(کەسێك تا تاوانەکەی نەسەلمێنرێت تاوانبار نیە تۆمەتبارە بەتۆمەتێك)بۆ نموونە: کارەساتی کوشتنی(دوعا) گریمان کارەساتی وا ئەگەرچی گریمانە ناکرێت، دوعا تۆمەتباربوو بە تاوانێك (هێشتا پێموانیە دوعا تۆمەتباریش بێت نەك تاوانبار) زمانی ڕاگەیاندن بۆ ڕووداوی لەوچەشنە دەبێ دەوری چۆنو چی بێت؟ دەبێ بیوروژێنێتو هەستیاری بکات، یان دەبێ هێوری بکاتەوەو وێنەی کارەساتەکە بە چ زمانێك ئاراستەی جەماوەربکات، دەبێ ئایا گەورە بکرێت یان بچوك بکرێتەوە، بێگومان نابێ دەوری خۆی لە هیچیان لە گەورەکردنو بچوککردنەوە بنوێنێ، زمانی ڕاگەیاندن دەبێ بەدەربێت لە دەربڕینی وروژاندنو گەورەو بچوککردنەوە، ئەرکی ئەو ئەوەیە ڕاستیەکان وەکو خۆی بگەیەنێت، بارودۆخەکە بەبێ لایەنیو بە هێمنی شیبکاتەوە، ئەگەر دەوری




بێ لایەنی پێ ناکرێت نابێ ناوبژیوانیش بێت، نەك پاڵپشتی لایەك کە بەدژایەتی لایەکەیتر تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیمان، زمانی ڕاگەیاندن بەگشتی، ڕاگەیاندنی ئیسلامگەراکان بەتایبەتی هاوشان ڕاگەیاندنی جیهانی عەرەبی لە ڕوداوی کوشتنی دوعا دەوریان نێگەتیف بوو، ئەوەندەی بەخوشکە دوعا ڕووی لایەکیان بۆمەرامی لایەك ناشیرین کرد، ئەوەندەی لە جوغزی ئاینیەوە بۆیانکرا، وەکو دەسکە کەرەوزو پیازفرۆش لە هەراج خانەی ڕاگەیاندنەوە هاواریانکردو کوشتنی کچێکی کوردی بە ئێمەی کورد فرۆشتەوە، وەکو ئەفغانستانو عێراقو جەزائیرو میسرو جیهانی ئیسلامی بەدەستی ئیمارەتی ئیسلامی دنیا فەنتا زیا ی بەهەشت بێت، مەڕو گورك لە یەك سەرچاوە ئاو بخۆنەوەو نەمەڕ لە گورك بترسێ نە گورك لە شوان..! ئا ئەمەیە سەردەم کە لە سایەی بۆرە پیاوان، ژنان نابێ لە سێبەری هیچ درەختێکی خۆشەویستی پشووبدەن، چونکە لێرە لەم مەملەکەتە خۆشەویستیو خۆشویستنی مرۆڤ بقەیە، ئا ئەمەیە سەردەم کە پڕە لە مرۆڤی دەروننەخۆش کە لە سایەی چەند خورافاتێك عیشق لەم وڵاتەدا دەکوژرێت، هێشتا لەوە نەگەیشتووین وا زووش تێناگەینو ڕاپەرینو شۆڕشێکی فکریمان پێویستە، تاکو تێدەگەین عیشقو جوانیو بەهاری خۆشەویستیمان خۆشبوێت، بکوژانی ژن ڕووی هاوشێوە تیرۆریستەکانی ئەوساو ئێستای سپیکردۆتەوەو وای لێهاتووە کوشتنی ژن لە شاشەی تەلەفزیۆن بووە بە بابەتێکی سەرەکیو هەر ئەوەی کەمە پێشوەخت لە کلاورۆژنە ڕەشەکەیانەوە ریکلامی بۆبکرێت، دواجار بە بکوژانی ژنو هاوکارانیان دەڵێم: ئەی بۆرە پیاوانو مرۆڤ کوژان کوشتنی ژنانی نزیك ئێوە بهێنە بەرچاوی خۆتان، ئایا کوشتنی خۆشەویستو دایكو خوشکانی ئێوە، بەدەستی مرۆڤێکی هاوشێوەی وەکو خۆتان کارەسات نیە بۆ ئێوە؟ ئەی بۆ بیرناکەنەوە کە کوشتنی مرۆڤی مێینە بەسبێت.